کۆلیــژی پــەروەردە ـ مەخمــور
College of Education-Makhmur

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلیژی پەروەردەی مەخمور
بەشی پەروەردەی کوردی

# سێگۆشەی (عەشق و خودا و مرۆڤ) لە شیعرە کوردیەکانی مەحویدا

پرۆژەی دەرچوونە

ئەم توێژینەوەیە پێشکەش کراوە بە بەشی زمان و ئەدەبی کوردی کۆلێژی پەروەردەی_زانکۆی سەلاحەدین _مەخمور وەک بەشێک لە پێداویستیەکان و بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا.

ئامادەکردنی لەلایەن:

شەیماء اسعد محمد

بەسەرپەرشتی:

ژیار سەرکەوت عبدالصمد

٢٠٢٣_نیسان

# بڕیاری سەرپەرشتیار

بڕیارم دا بە پەسەندکردنی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(سێگۆشەی عشق و خودا و مرۆڤ لە شیعرە کوردیەکانی مەحویدا)ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکراوە لەلایەن قوتابی (شەیماء اسعد) ئامادەکراوە لە ژێر سەرپەرشتی مندا بۆ زمان و ئەدەبی کوردی/کۆلێژی پەروەردەی مەخمور،وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بە دەست هێنانی بڕوانامەی بە کالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی .

واژوو: Zhiyar Sarkat

**ناوی سەرپەرشتیار:ژیار سەرکەوت عبدالصمد**

**بەروار؛٢٠٢٣/٤/٦**

**سوپاس و پێزانین**

لە سەرەتادا زۆر سوپاس بۆ خودای گەورەکە توانیم ئەم توێژینەوەیە تەواو بکەم،پاشان سوپاسی خێزانەکەم دەکەم کە هاوکارو هاندەرم بوون بۆ ئامادە کردنی ئەم توێژینەوە زانستیە، وە سوپاسی سەرۆک بەشی زمانی کوردی (د.فەرهاد) ،وە زۆر سوپاسی تایبەت بۆ مامۆستای سەرپەرشتارم (م.ژیار)کە زۆر یارمەتی دام لە تەواو کردنی ئەم توێژینەوەیە،هەروەها سوپاسی پرۆفیسۆر ومامۆستا بەرێزەکانی کۆلێژی پەروەردەی مەخمور کە پاڵپشتم بوون لەم ساڵانەدا.

# پێشکەشکردن

بۆ خانەوادەکەم کە بە عشقەوە یارمەتیان دام بۆ هەموو ئەو کەسانەی یارمەتیدەرم بوون بۆ گەشتن بەم قۆناغە هاوپۆلەکانم کە هاوکار وهاندەرم بوونەلە تەواوکردنی ئەم توێژینەوە زانستیە بۆ هەر کەسێک کە بە خۆشەویستی وقەدرزانی دڵسۆزی لەگەڵم وەستان،ئەم هەوڵە روونە بۆ ئەوان تەرخان دەکەم هیوادارم کە بە رەزامەندییەوە قبوڵ بکرێت،سوپاس ودوعای دڵسۆزیم بۆیان هەیە.

خوێندکار:شەیماء اسعد

# پوختە

لەم لێکۆڵینەوەیە خوێندنەوەیەکی شیکاری بۆشیعرە کوردیەکانی مەحوی شاعیری کورد هەوڵێکە بۆ ناساندنی هەر یەک لە چەمکەکانی عیشق خود مرۆڤ لە دونیا بینی مەحویدا ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتوە لە دووبەش هەوڵی شیکردنەوەی هەر یەک چەمکەکان داوە لە گۆشەنیگای عیرفان فەلسەفە باسی تێروانینی هەر یەک لەم چەمکانەمان کردوە لە نێوان فەلسەفە کەوتە ژێر کاریگەری یەکیک لە رەوتە فەلسەفیەکانی یاخود مەحوی سەر بە جیهانی عیرفانیە لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە شیکردنەوە بۆ چەند شعرێکی شاعیر کراوە وەک هەوڵێک بۆ ئەوەی بسەلمێنین مەحوی جیهانبینی فەلسەفەیە یاخود عیرفانیە

## پێشەکی

### _ناونیشان و ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی(سێگۆشەی عشق خودا مرۆڤ)لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریە هەوڵدراوە چوارچێوەیکارەکە لە تەواوی شعرە کوردیەکانی مەحوی شاعیردابێت هەر یەک لەو بابەتانە لە بەشی تیۆری باسکراون لە بەشی پراکتیکی دنیابینی شاعیر دەربخەین لە ڕێگەی شعرە کوردیەکانەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتوە لە دووبەشی یەکەمی لیکۆڵینەوەکە تایبەت کراون بە بابەتەکانی(عشق و خودا و مرۆڤ)لە رووی‌تیۆری مەبەست لەو بەشە هەبونی لە بەسی یەکەمی لیکۆڵینەوە کە نیساندانی بابەتەکە وەک بابەتێکی تیۆری بۆ ئەوەی ڕێگەیەک بێت تاکو بە هەبونی مەعریفەیەک لە بارەی بابەتی لێکۆڵینەوە تاکو بەشێوەیەکی روون بەشی دووەممان شارەزامان بکات بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە پراکتیزکردنی چەمکەکانی(عشق و خودا و مرۆڤ)لە شعرە کوردیەکانی مەحوی.

### _هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ چەند خاڵێک دەگرێتەوە لەوانە کارنەکردن لەسەر ئەم سێگۆشە لای شاعیرێکی کورد کە چوارچێوەی فیکری لەم بابەتە دەخولێتەوە هەروەها بوونی ئەم سێ چامکە لای شاعیر بە قوڵی رەنگی داوەتەوە ئەمەش بە ناسینی هەر یەک لەم جەمکانە بە ئاراستەی فکری شاعیر بەشێوەیەکی زۆر روون دەبێتەوە هەڵبژاردنی ئەم ناونیسانە هەر لە خۆیەوە نەبوە بەڵکو لەسەر بنەمایەکی دروستی فکری شاعیرەوە بونیاد نراوە چونکە ئەم بابەتانە لەلای عاریفان گۆشەنیگای عاریف بۆ هەموو ستەکان دونیی دیار نادیار ئاشکرا دەکات.

### _سنوری توێژینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەدا کار لەسەر لەسەر سیعرە کوردیەکانی مەحوی کراوە لێکۆڵینەوەی تەواوی سیحرە کوردیەکانی وەک کاری لێکۆڵینەوە بە کارهێناوە لە تەواوی دیوانی شاعیردا کار لەسەر (سێگۆشەی عشق و خودا و مرۆڤ)

## ــڕێبازی توێژینەوەکە:

شیکاری وەسفیە

## ـئامانجی تویژینەوە:

ئامانجی تویژینەوە لەو تویژینەوە خوێنەر ئاشنا بکەم بە مەحوی و ریبازی سۆڤی گەرمی کەلینێک لە کتێبخانەی کوردی پربکەمەوە.

## ــپلانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەییە لە سێ بەس پێکهاتووە

**بەشی یەکەم پێشەکییە و پێکهاتووە لە** :ناونیشانی توێژینەوە،سنووری توێژینەوە،هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە،ئامانجی توێژینەوە،رێبازی توێژینەوە،پلانی توێژینەوە.

**بەشی دووەم ئەم بەشە پیکهاتووە لە**:ناساندنی چامکەکانی(عشق و خودا و مرۆڤ)جۆرەکانی عشق،عیشقی عەقیقی،عیشقی مەجازی،ئادابەکانی کەسی عیشق،خودا ناسی و خودی وەک بابەتێکی عیرفانی،مرۆڤ ناسی و ژیان و مردن وەک بابەتێکی فەلسەفی.

**بەشی سێیەم پێکهاتووە لە**:سێ تەوەرە بەم جۆرە:تەوەرەی یەکەم عیشق لە شیعرە کوردیەکانی مەحوییدا،تەورەی دووەم:خودا ناسی لە شعرە کوردیەکانی مەحوییدا،تەورەی سێیەم:مرۆڤناسی لە شعرە کوردیەکانی مەحوییدا.

# لیستی ناوەرۆک


| ژمارە | بابەت | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | سوپاس و پێزانین | ٣ |
| ٢ | پێشکەش کردن | ٤ |
| ٣ | پوختە | ٥ |
| ٤ | پیشەکی | ٦ |
| ٥ | بەشی یەکەم:پێشەکی | |
| ٦ | ١-١-ناونیشانی توێژینەوەکە | |
| ٧ | ١-٢-سنوری توێژینەوەکە | |
| ٨ | ١-٣-هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە | |
| ٩ | ١-٤-ڕێبازی توێژینەوەکە | |
| ١٠ | ١-٥-ئامانجی توێژینەوەکە | |
| ١١ | ١-٦-پلانی توێژینەوەکە | |
| ١٢ | بەشی دووەم:سیگۆشەی (عیشق و خودا و مرۆڤ)لە شیعردا | |
| ١٣ | ٢-١-ناساندنی چەمکەکانی(عشق و خودا و مرۆڤ) | ١٠ |
| ١٤ | ٢-٢-جۆرەکانی عشق | |
| ١٥ | ٢-٢-١عیشقی حەقیقی | ١٣ |
| ١٦ | ٢-٢-٢عیشقی مەجازی | ١٤ |
| ١٧ | ٢-٣-ئادابەکانی کەسی عاشق | ١٥ |
| ١٨ | ٢-٤-خوداناسی و خودا وەک بابەتێکی عیرفانی | ١٦ |
| ١٩ | ٢-٥-مرۆڤناسی ژیان و مردن وەک بابەتێکی فالسەفەیی | ١٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠ | بەشی سێیەم:سیگۆشەی(عشق و خودا و مرۆڤ)لە سعرە کوردیەکانی مەحویدا | |
| ٢١ | ٣-١-مرۆڤناسی لە شعرە کوردیەکانی مەحویدا | ١٩ |
| ٢٢ | ٣-٢-خوداناسی لە شعرە کوردیەکانی مەحویدا | ٢٠ |
| ٢٣ | ٣-٣-عیشق لە شیعرە کوردیەکانی مەحویدا | ٢٢ |
| ٢٤ | ئەنجام | ٢٤ |
| ٢٥ | لیستی سەرچاوەکان | ٢٥ |
| ٢٦ | پوختە بە عەرەبی | ٢٦ |
| ٢٧ | پوختە بە ئینگلیزی | ٢٧ |

# بەشی دووەم

## سێگۆشەی (عیشق و خودا و مرۆڤ)لە شیعردا

### ٢-١ناساندنی چەمکەکانی (عیشق و خودا و مرۆڤ).

**عیشق** یەکیکە لەو چەمکە با فراوان و فرە واتایانەی کە پیناسەو لیکدانەوەی زۆری بۆ کراوە،عیشق لە نێوان عیرفانی و فەلسەفەدا،تێروانین و خوێندنەوەی زۆری بۆ کراوە،هەر یەک بە جۆریک عیشقی ناساندوە،هەندێک لە عیرفان و نوسەران پێیان وایە،عیشق پێناسە نیەو ناساندنی کارێکی ئەستەمەو دژوارە،هەر وەک باوکی عیرفانی ئیسلامی(معی الدین ابن العرین)پێیوایە((هەر کەسێک پێناسەی عیسق بکات ئەوە نەیناسیوە و کەسێک لە ئەنجامی عیشق پیاڵێکە نەنۆشیبی ئەوە نەی ناسیوەو کەسێک کە دەڵێ من لەو جامە تێر بووم،ئەوە نەی ناسیوە،عیشق شەرابێکە،کە هیچکەس تێرناکات))[شەرعیتی،٣١،٢٠١٠]کەواتە بە پێیناساندنی عیشق لای باوکی عیرفانی ئیسلامی ئەوەیە ناساندنی حیشق ناساندنێکی بە تاڵ و ناجێیە،چونکە عیشق بەر چەمکی ناساندن ناکەویت،بەڵکو حیشق زیاتر بابەتێکی ناوەکیە،پەیوەندی بە ناخی مرۆڤەکانەوە هەیە،ناکەویتە ناو زمان و دەری ببریت،زمان لە توانای دا نیە شیکردنەوە بۆ چەمکی عیشق بکات،چونکی زییاتر بابەتێکی خودی و ناوەکیە،بەڵام سەرەرای ئەوەی عیشق چەمکیکی ئاڵۆزی هەیە،هەندیک لە بیرمەندان پێناسەیان بۆ عیشق خستۆتە روو ئەوانە فەیلەسوفن.یۆنانی و ئەفلاتوون بە تێروانینی ئەفلاتون عیشق سەرچاوەی خۆشی و بارەکەتە لە ژیانی مرۆڤ.((لە فەلسەفەی ئەفلاتوون هاتوە عیشق خێرو بەرەکەتی زۆر با مرۆڤ دەبەخشێت هیچ شتێک لەوە بە سوود تر نیە بۆ مرۆڤایەتی))[ئەمین،٧٩،٢٠٠٨]لەفەلسەفەی ئەفلاتوون، عیشق بەدیهێنەری خێرو بەرەکەت و خۆشیە ناساندووە،لای ئەفلاتوون کاتێک یەکێک بەر بە جیهان و ماناکانی عیسق دەکەوێت ئەو ژیانێکی تێروانینێکی تری تەواو جیاوازی دەبێت بۆ ژیان،کەواتە عیشق رەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤە،بۆ دەوروبەری دەری دەبرێت سەرچاوەی خۆشی و بەختەوەریە.عیشق لای مەحوی یار لای مەحوی پێغەمبەرە[شوان،١٦٠]

**چەمکی خودا**بەتێروانین و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان ناکرێت،بەڵکو دەبێت،بە گۆرینەوەی بۆ ئەو کتێبەی لەلایەن خوداوە هاتووە،لەوێوە بتوانین چەمکی خودا دەست نیشان بکەین((هەڵبەتە لەم جیهانە گەورەدا مرۆڤانێکی زۆر هەن،کۆمەڵ کۆمەڵ دەژین،هەر یەکەو خودایەکی بۆ خۆی داناوە،واتابیرکردنەوەی مرۆڤ خودا گەلیک زۆر هەن،بەڵام ئێمە لێرەدا چەمکی خودا دەخەینە روو،پێناسەکردن و قسەکردن لەسەر خودابۆ کەسێک کە قسەی زۆر هەڵدەگرێت و کە خۆی بروایەکی تەواوی بە خودا هەبێت یاخود شوێنکەوتوی یەکێک لە ئاینەکانە و پێناسەی حازر وە رونکردنەوەی حازر لەسەر خودا لەبەردەست دایە))[ئەمین،١،٢٠١٢]کەواتە مرۆڤ لە ریی ئاینی خوداوە دەتوانێت تەواو خودابناسێت و پیناسەی بکات، بی ئەوەی پرسیار بکات دەربارەی خوودا لەبەردەست دایە،دەگات بە ئامانج،بەڵام ئاینی خودا تێگەشتن لێی شتێک نیە پەیوەندی بە ئەقڵەوە هەبێت،بەڵکۆ ئەوە دەبێت لە رێگەی هەوڵدان وگەران بێت لەبەر ئەوەدا بۆ ناسینی خوودا پێویستمان بە دەلیلی عەقڵ نیە بەڵکو پێویستمان بە ئەزمونی خوودا هەیە[ئەمین،٧٢،٢٠١٢]واتا مرۆڤ چەندی بەدووای راستیەکاندا بگەرێت، ئەوەندەی زیاتر ئاشنای ناسینی خودا دەبێت بۆی روون دەبیتەوە کە خودا کێیە؟بۆ زیاتر تێگەشتن لە چەمکی خودا دەچیتە خزمەت قورعانی پیرۆز ئا لەوە دەتوانین چەمکی خودا بخەینە رو وردترین پێناسە بۆ چەمکی خودا لە ئیسلامدا هاتووە بریتیە لە هەر چوار ئایەتەکەی سورەتی(الاخلاص)پەروەردگار دەفەرموێت:(قل هو الله احد الله الصمد لم يلد ولم يولد ولم يكن له كفوا احد)واتە ئەی محمد(صلى الله عليه وسلم)بڵێ ئەو خودایەی کە ناوی(الله)یە خوودایەکی تاک و تەنهایە بێ هاوەڵ و هاوتایە، سۆفی کە رێگەی پاککردنەوەیی دەرون دەگریتەبەر دەیەوێت بگاتە جیهانی نموونەیی و پەیوەندی لەگەل خودا ببەستێت[شوان،١٢٩]خوودا زاتێکی پایەدارو دەسەڵات دارە،نیازی بەکەس نیەهەمویان ئاتاجی ئەون،هەر ئەو ئەتوانیت بەڵاو ناخۆشیەکان لابەریت و پێویستی داخوازیەکانمان جێ بە جێبکاتهیچ کەسی بلێ نەبوە خۆشی لە کەس نەبوە خۆشی لەکەس نەبووە،هەرگیز هاوتاو هاوشێوەی دەسەڵاتدارێکی تر نیە،(کە بەرامبەر ئەو بوەستن و هاوشانی بێت)کەواتە خودا گەورەترینەو هەر هەبوەو هەر دەشبێ،بە کورتی لە ئاینی ئیسلام خودا زاتێکیمەزن و گەورەیە،تاک و تەنهایە وە خاوەنی (٩٩)ناوە،لە قورئان و وتەکانی

پێغەمبەر(د.خ)هاتوون خودا بە دیهێنەری هەموو گەردوون،ئەوەی لە ناوی دایە دەسەڵاتی بەسەر هەمووان هەیە.

**چەمکی مرۆڤ** مرۆڤ یەکێکە لە دروست کراوەکانی جۆریَ لە جۆرەکانی ئەم زەویە،تاکە دروست کراو نیە،بەڵکو گەلێک نەژاد و جۆری تر لەگەڵیان دا بەژدارن لە ژیاندا،بەڵام ئەوەی مرۆڤ لە وانی ترجیا دەکاتەوە بیرکردنەوەیە لە شتەکان،ئەویش وای کردوەکە مرۆڤ بالاترین بونەوەری سەرزەوی بێت(مرۆڤ ناتوانێت سیستەم و یاساکانی گەردوون تێبگات و بزانیت کەی دروست کراون بە گوێرەی یاساو بەرنامەیەک بەڕێوە دەبرێن)[سوبحانی،١٩٩٧،١١]کەوایە ئەوەی مرۆڤ لە گیانلەبەرەکانی تر جودا دەکاتەوە زانست و بیرکردنەوەیە،لەو ریگەیەوە سەرنجی جیهان ئەوان و یاسای ئەم گەردوونەی بۆ روون ئەبێتەوە ئەگەر بمانەوێت چەمکی مرۆڤ بخەینە ڕوو،ئەوەندە بسەلمێنە مرۆڤ بەوە جیادەکرێتەوە کە زانست دۆستی هەیە،هەر چەندە م،رۆڤ لە چینی گیانەوەرانە بەڵام زۆر لە گیانەوەران باڵاترە چونکە گیانی مرۆڤ زۆر بەهێز ترو تێروانین ترە.مرۆڤ دوو خاسیاتی گرنگی هەیە(زانست و ویست).مرۆڤ لە رێگای هەستکردن بە شتەکان ویستی ئەوەی بۆ زیاد دەبیَ بەدواداچون بۆیان بکات،کەواتە مرۆڤ ژیر و ئاقڵیی لە بونەوەرانی تری جیادەکاتەوە،بەڵام عیشق تاکە تایبەت مەندیە مرۆڤ لە تەواوی ئەوانی تر جیادەکاتەوە،ئەمەش بابەتی سەرەکی عیرفانی ئیسلامییە.

## ٢-٢-جۆرەكانی عیشق

### ٢-٢-١عیشقی حەقیقی(ئاسمانی)

لەشیکرنەوەیەکی تەواو عرفانی عیشق وەک پەردەیەک لەنێوان مرۆڤ و خودا دەست نیشان کراوە((عیشق بریتیە لە پەردەکان (راز)ی نێوان مرۆڤ و نامرۆڤەکان ))[سوبحانی،١٩٩٧،١٤٤]لەم دەقە عیرفانیەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت پەردەی نێوان (خالق و مەخلوق)عاشق و مەعشوقیەتیە،ئەم پەردەش لایعارفێک بۆ عارفێکی تر جیاوازی دەردەکەوێت و هەستی پێدەکرێت،لای هەندێک عارف وەک چیرۆکی جۆگەی شیرو خوێنەکەی لێدێت کەلەنێوانیاندا تەنها مویەک هەیە، هەندێک جارش ئەم ۆەردەی رازە کالۆ تۆخ دەبێتەوە.دەكرێت لەم بەشەدە عیشقی مەجازی،پیویستیەکی سەرەکی بێت،بەڵام عیشقێک وەک تەواویەتی،دووربێ لە هەموو رەهەندە ناعیرفانیەکان،بەڵکو دەوردابێ بە چوار کایە سەرەکیەکەی عیرفانی ئیسلامی ئەو تر(الاخر)ێک لەوی ئامادەی هەبێت ئەبەتیەکێک لەوێ بونی دا هەبێت،ئاوێنەکان روبەروی یەکتر بونەوە،واتە خۆ هەڵخەڵەتاندن نەبیت بەڵکو دوو ئاوێنە بن بەرامبەر یەکتر هەم متمانە لە نێوانیان دروست بکرێت هەم روح گەورەبکات بەدیوە عیرفانیەکەی رارەوێک بێت بۆچوونە ناو عیشقی باڵا زۆرجار عیشقی مەجەزای لەگەل کۆمەڵێک زاراوەی وەک(خۆشەویستی،غەریزە،سێکس)تێکهەڵکراوە،بەڵام ئەوە تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەو چەمکانەی پێشەوە،فەیلەسوفی رۆژهەڵاتی(غەزالی)لەبارەی عیشقی مەجازی رای وایە((هەندێک مەعریفە وەک بینینی پشتمل وایە،هیچ مرۆڤیک ناتوانێت پستەملی خۆی ببینیت بۆئەوەی پشتەملی خۆی ببینیت ئەوا پێویستیمان بە ئاوێنەیەکە تاکو وێنەیەک لەپشتەمل بگوازێتەوە بۆ ئاوێنەی بەردەممان وێنەی دواوەی ئێمە نیشانی ئێمە بدات ئەم کارەی عیشقی مەجازیە بۆ پەرینەوە لە عیشقی حەقیقی))[سوبحانی،١٩٩٧،١٤٥]

کەواتە عیشقی مەجازی دیوی دووەمی عیشقە ئەگەر دیوی یەکەمی ماهیەتی عیشق عیشقی باڵا(عیشقی حەقیقی)بێت بۆیە دەوترێت مرۆڤ دەبیت عاشقی دروست کراوەکانی مەعشوقی بێت کەلەدونیای دیار دەرکەوتونە ئەگەر نا عیشقێکی ناتەواوە بەشێوەیەکی گشتی عیشق لە حیرفانی ئیسلامی و جیهانی دابەشدەکرێت بەسەر دووجۆر دابەشکردنەکە بەشێوەیەکە کەرای جیاوازی هەیە هەندێک لە شارازایان و عیرفان ناسان عیشقی حەقیقی لەپاش عیشقی مەجازی ریزکردوە بەڵام هەندێکی تر بەپیچەوانەوەعیشقی مەجازی دواتر عیشقی حەقیقی بەرای توێژەرش عیشقی مەجازی دوای عیشقی حەقیقی چونکە عیشقی بۆ باڵا چون دەبیت لە شتە بچوکەکانەوە دەستپیبکات نەوەک لە پێچەوانەوە لەئاسمانەوە بۆ خوارەوە چونکە مرۆڤ تاکو لە جوانی و شتە

دروستکراوەکانی دونیا تێنەگات ناتوانێت گەورەیی ودەسەڵاتی خودا وێنا بکات کە چەندە شایەنی پەرستنە بۆیش لەبارەی عیشقی مەجازی قسەو باس  و گفتوگۆی زۆر کراوە.

**٢-٢-٢عیشقی مەجازی(زەمینی)**

لە عیشقی مەجازی بە شێوەیەکی گشتی باسی عیشقی زامینی دەکەین،بەتایبەتیش عیشق و رەگەزێک بۆ ڕەگەزی بەرامبەرو عشقی مرۆڤ بۆ سرووشت دەرکەوتەکانی ناو چوارچێوەی سرووشت چونکە ئەمانە خۆیان وەک و سروشت نیشان دەدەن جوانی و عشقی خودای تێدا هەڵگیراوە بۆیەدەگوترێت خودا تەجەلای خۆی لە جوانی دەریایەک لە کێوێک هەر ئەمەش حەلاج وتویەتی خودا لە هیچ شوێنێک نییە بەڵام لە هەموو شووێنێک تەجەلای ئەو هەیە کەوایە خودا دەرکەوتەکانی خۆی پەخشکردووە بەڵام ئەمە عیشقی ڕەگەز بۆ رەگەزی بەرامبەرەکەی لە رووی کۆمەڵایەتی و ئاینیەوە هەبونی عشق بە شێوەیەکی دروست وەک هەبونی لە نێوان پێغەمبەرو خێزانەکانی کاریکی دروست و پیرۆز و ریزلێگیراوە،لەبارەی ئەم جۆرە عشقە بۆ ئافرەت پێغەمبەر محمد(د.خ)لە فەرمودەیەک فەرمویەتی((حبب الی من دنیاکم الکیب والنساء وجحلت قره عینی فی الیلآ))[شمیل،٣٣،٢٠١٣]واتە:(سێ شت لەچاوی من زۆر جوانن و خۆشەویستی و جێگایان هەیە لەنێودڵمدا ئافرەت بۆنی خۆش،نوێژ)ئەم فەرمودەیە ئەوەمان بۆ نیشان دەدات کە پێغەمبەر ئەو پەڕی ڕێز و عیشقی بۆ خێزانەکانی هەیە.

ئەدەبیاتی ئێمە پڕە لە دیمەنە ئیستێتکا و ڕۆمانسیەکان.ڕووداوی عیشقی زەمینی،ئەگەر خوێندنەوەیەکی ورد بۆ دەقە ئەدەبیەکانمان بکەین،ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە مەولەوی تاوەگۆزی لەتاو کۆچی دوایکردنی(عەمبەر خاتوونی)چ شعرێکی بە نالی نوسیوە،بۆیە بەشێک لە شارەزایانی شعری نالی جوانی و رەوانبێژی شعرەکانی دەگەرێنەوە بۆ هەبوونی(حەبیبە)لەخەیاڵدانی نالی،زۆرجار لە شعری کلاسیکی کوردی هێندە لەیەک نزیکی و وێکچون،هەیە لە باسکردنی عشقی زەمینی ئاسان جیاناکێتەوە،ئەمەش نیشانی بە گەورە سەیرکردنی عشقی زەمینیە لای شاعیرەکانمان،عشقی زەمینی لە ئەدبیاتی کوردیدا داستانی گەورەی دروستکردەوە،لەوانە داستانی(مەم و زین)یاخود داستانی خەج و سیامەند و شیرین و فەرهاد.یار لای مەحوی پێغەمبەرە[ئیبراهیم،١٦٠]

**ئەدەبیاتی ئێمەی کورد هەڵگری کۆمەڵێک داستانی عشقی زەمین**

لەدەقی کتێبە ئاسمانیەکانش چیرۆکی عیشقی زەمینی دەبینرێت لە نێوان کەسەگەورەکان،وەک لە قورعانی پیرۆز چیرۆکی عیشقبوونی(زولەیخا)بە پێغەمبەر(یوسف)(ر.خ)بۆمان دەگێرێتەوە،کە چۆن پێغەمبەر یوسف خۆی پاراست لە دوای شەیتان و هەوەسبازیی،بەڵام دواتر ئەوەی زولەیخا گۆرا لە عیشقی زەمینی بۆ عەشقی ئاسمانی(باڵا)،ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە دەبێت هەموو عشقێک لە

پێناو گەیشتنەوە بێت بە عەشقی باڵا،ئەگەر نا دواتر لە تایبەتمەندییەتی عشقبوون دەکەوێت یاخود چیرۆکی نێوان کچەکەی شوعەیب پێغەمبەر،کەتێک رووبەرووی دەبێتەوە،کاتێ کچەکە رووداوەکە بۆ باوکی دەگێڕێتەوە ئەوش دەنێرێت بەدوای موسا،بەمەش پەیامبەر شوعەیب لە بەرامبەر ئەو جومێری و ئەخلاقی جوانی کچەکەی پێشکەش موسا دەکات،بەرەزامەندی و پێخۆشی هەردوولا ئەمە بۆ عیشقێکی جوان و لێکەوتەیەکی جوانی لێکەوتەوە،بەمەش عیشقەکەیان هەڵکشا بۆ عشقی باڵا و لە چوارچێوەی خێزانێکی جوان و رێکدا[شمیل،٢٠١٣،٣١٥]

**٢-٣-ئادابەکانی کەسی عاشق**

زۆرێک لە بیریاران و شارەزایانی عیرفان و عیرفانناسان چەند ئادابێکیان بۆ کەسی عاشق دیاری کردووە،هەبوونی ئەم ئادابانە وەک پێشمەرجی عاشق بوون دەزانن.

**یەکەم**:گەرم و گوری کەسی عاشق لە دەرکەوتن و کارەکانی پیویستە هەمیشە و وبەردەوامی کەسی عاشق خاوەنی لوتف و نەرمی و جوانی نواندن بێت لەبەرامبەر کەسی ئاسایی بەمەش کەسی عاشق جیادەبێتەوە لە کەسی ئاسایی بۆ کەسیکی خۆش مەجلیس و قسەزان و خاوەن لوتف.

**دووەم**:روحی بەگەنجی بمێنێتەوە بەوردەوام لە ئانی گەورەبوونی روحی دابیت بەجۆریک تاکو تەمەنی هەڵکشێت ئەو روحێکی گەورەو خاوەن جوان بینینێکی باڵابێت.

**سێیەم**:کەسی عاشق مامەڵێکی تەواو جیاواز دەکات لە کارەکانی،چونکە تایبەتمەندیاکی دیاری کەسی عاشق ئەوەیە تەواو ئەخلاقی بێت بۆیەش لەدونیا بینی عیرفانی ئەخلاق بابەتێکی سەنتەریە.

**چوارەم**:بەرژەوەندی خواز نیە کەسێک کە بۆنی عیشقی بەرکەوت،دەبێت بە کەسێکی خاکی و مرۆڤ دۆست،چی خۆپەرستی و بتی بەسەنتەریەتی هەیە لەناوی دەکوژێت، ئەمەش هاوشانە لەگەڵ فەرموودەیەکی پێغەمبەر کە فەرموویەتی((چیت بۆ خۆت پێخۆشە دەبێت ئەوەشت بۆ براکەت پێخۆشبێت))ئەمە هەمان شتەلەکەسی ئاشق هەبێت.

**پێنجەم**:خاکی بوون کەسی ئاشق دەبێت کەسێکی خاکی بێت نابێت بە جۆرێک رەفتار بکات کە وابزانێ خۆی لەوانیتر باڵابەرزتر و پیرۆزترە،بەڵکو هەمیشە خۆی بە کەسێکی بچووک و کەم دێنێتە بەر چاو.

**شەشەم**:بەردەوام لەدایک بونەوە،کەسێک کە عاشق دەبێتئادابێکی جوانی لێوە دەردەکەویت،وەک و خۆر هەموو رۆژ دەگەشێتەوەو نوێ دەبێتەوە،خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکات وەک مەولەوی بلە بارەی نوێ بوونەوەی کەسی عاشق فەرموویەتی هەر کەس تەووەلود دوبارەش نیەن هەڵبەت سعادەت ستارەش نیەن[ دیوانی مەولەوی،٣٥٩]مەولەوی تاوە گۆزی دەوێت بڵێت هەرکەسێک بەردەوام لەدایک نەبێتەوە بەختەوەر نابێت.

**٢-٤-خوداناسی وەک بابەتێکی عیرفانی**

سەرەتا دەبێت لە بەڵگەکانی سەلماندنی خوداوە دەست پێبکرێت،چونکە سەرچاوەی هەموو شتەکانە.ئەشعەریەکان بۆ ئەم مەبەستە ڕێگایەکی عەقڵانی دەگرنە بەر بەم جۆرە بەڵگەی بۆ دەهێننەوە ئاماژە بە ئایەتەکانی قورعان دەکەن.وەک لە سەرەتای خوڵقاندنی مرۆڤ لە دڵۆپە ئاوێک دەستی پێکردووەپاشان بەچەندین قۆناغدا تێپەریوە،دواتر بۆتە مرۆڤێکی دروست و خاوەنبونێکی بایۆلۆژی،بەدڵنیاییەوە ئەوە خۆی بکەری ئەو کارە نیە،بۆیە لە تێروانین و پرۆسەی عەقڵ و بیرکردنەوەی ئەشعەریەکان،دەبێت مرۆڤ هەست بەوە بکات هەبوایەکی گەورەتر لەخۆی وێنا بکات.چونکە هیچ دروستکراوێک بە دروستکارێک نەهێتە حاڵەتی بەرهەم هێنانەوە[ئەمین،٢٠٠٢،٥٨]خودا لە چوارچێوەی سیفەت بەدیار دەکەوێت،یاخوود بە مانایەکی تر خودا دەکرێت لەرێی سیفەتەکانەوە بناسرێت و بناسینچۆن خودایەکە،بەڵام ئەمە هێشتا مانای تەواوی خودایەتی بەدەستەوە نادات، چونکە خودا لەوە گەورەترە کە عەقلی پێدەشکێنرێ،لەم بارەی سیفەتی خودا گرووپیب موعتەزیلەکان رایەکی تایبەت بە خۆیان هەیە،جیاوازە لە تێروانینی گروپیئەشعەریەکان،موعتەزیلەکان پێیان وایە خودا بەدورە لە هەموو سیفەتێک،واتە سیفەتەکان لە خودی ئەوە و ڕواڵەتگەریەکان خودا یەتیان وەک کۆمەڵێک سیفەتی جیاواز لە خودا دەبینی[ئەمین،٢٠٠٢،٥٨]لەبەرامبەریدا گرووپی ئەشعەریەکان رای جیاوازیان هەیە لە بارەی خودالە پرۆسەی فکری ئەشعەریەت ئەوە هەیە کە(خودا خاوەن جەندین ناو و سیفەتە کەلە قورعانیشدا ئاماژەی پێکراوە)لێرەوە ئێمە ڕووبەڕوی دوو ڕەوتی جیاوازی فیکری دەبینەوە خودای بەرکەوت ئەوا شەقی بردو بەرگەی نەگرت ئیدی موسا(ر.خ)زانی کە داواکەی جێبەجی نەکردووە بینینی خودا لە توانای مرۆڤ و کاری مرۆڤ نیە ئەم ڕووداوە پەیامبەر موسای فێر کرد کەلە دونیادا نەبینرایت بەڵکو لە ڕۆژی دوایی دەبینرێت هەمبەر خودا ناسی و سیفەتی خودا ئەمانەش بەڵگەناسی خودا ناسی ئەشعەریەکان و موعتەزیەکان،لە بارەی بینینی خودا لە ڕۆژی دوایی لای ئەم دوو گروپە فیکریە جیاوازە ئەشعەریەکان باوەریان وایە،کە خودا لە دنیایتر خۆی نیشانی بەندەکانی خۆی دەدات بەڵام لە بەرامبەردا موعتەزیلەکان تەواو جیاوازە چونکە ئەمان باوەریان وایە خودا نابینرێ و ناتوانین لەم دونیایە بیبینین لە قیامەتیش نابینرێت.

**٢-٥-مرۆڤناسی و ژیان و مردن وەک بابەتێکی فەلسەفی**

مرۆڤ یەکێکە لەو چەمکە بەرفراوان و فرە رەهەندیانەی کە پێناسەو ناساندنی بۆ کرابێت لە گۆشەنیگای جیاوازەوە کەوتۆتە بەرباس ئەمەش نیشانەی ئەوەیە مرۆڤ بونەوەریکی رەمز ئامێزە وئاسان کەشف ناکرێت ناکرێتە ناو چوارچێوەی باس بەشێوەیەکی دەستەمۆ کراو عاریفان و فەیلەسوفان بە درێژایی مێژووی فیکر و بیرکردنەوەی مرۆڤ بابەتێکی سەنتەری بووە لە باس و گفتووگۆکانیان وەک مەریون و قانع پێیوایە مرۆڤ بونەوەرێکی سیاسیە[قانع،٢٠١٣،٥]ئەم ناساندنی مرۆڤ لە تێروانینی ئەم نوسەرە  مرۆڤ کورت کردۆتەوە لە بونەوەرێکی سیاسی هیچی تر کەمتر نییە ئەگەر لە گۆشەنیگای زانستی پزسکی بۆ جەو هەری مرۆڤ بگەرێن پێناسەیەکی تری بۆ کراوە مرۆڤی لەوەکۆکردۆتەوە کە مەکینەیەک چەند ئامێری هەیە کەر دەکەن هەر ئامێرێک لەم ئامیرانە رۆڵێک دەگێرن بەڵام ئەمە هەموو مرۆڤ نیە چونکە مرۆڤ تەنها لەم ئەندامانە کۆنەکراوەتەوە کە بونێکی فیزیکی بێت بەڵام هەبویەکی ئاڵۆزترە کە زانستی پزیشکی باس لێوە کردوە.بەدرێژایی میژوی فالسەفە عیرفان چەندین قوتابخانەی فەلسەفەی و عیرفانی مرۆڤیان وەک بابەتی سەنتەر هێناوەتەوە نێو باس و بابەتەکانیان هەر قوتابخانەیەک مرۆڤی کورت کردۆتەوە لە وەڵامی چەند پرسیارێکی ئەنتۆلۆژی(بووناسی)لە دەلاقەی وەڵامی ئەم پرسیارانەوە لە مرۆڤێ ناساندوە ئەمانەش تۆ کێیت؟لەکوێوە هاتووی؟بۆ کوێ دەرۆیت ئەم سێ پرسیارە لە هەر قوتابخانەیەکی فیکری و فەلسەفەی و هەر ئاینێک و فکرەیەک بوونی هەیە لە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەگەین بەوەی مرۆڤ لە تێڕوانینی ئەم قوتانخانەیە.

**مرۆڤ چیە؟ئەرکی چییە؟بۆ کوێ دەڕوات ئەم پرسیارە سەرەکیانەش وەڵامی ئەووەمان دەدەنەوە کە مرۆڤ چییە.**

ئەگەر لە ڕوانگەی زانستێکی وەک تەندروستی وەڵامی پرسیاری مرۆڤ چیە وەربگرینەوە ئەوە بێگومان خوێندنەوەیەکی فیکری و بایۆلۆژی بپ مرۆڤ دەکات بەوە مرۆڤ بونەوەرێکە جەستەیەکی تەواوی هەبێت لەم جەستەیەشدا چەندین کۆئەندامی پەیوەست بە یەکتر هەیە هەر کۆئەندامیک لە چەندین ئەندامێک پیکهاتوە هەر ئەندامێک لە چەند شانەیەک پێک دێت دواجار هەر شانەیەک لە چەند کۆمەڵە خانەیەک پێک هاتووە کە بە شێوەیەکی سیتەتێکی چڕو ئاڵۆز و بەناو یەکدا چوو رێک خراوە بەڵام ئەگەر هەمان پرسیار بخەینە چوارچێوەیەکی ئاینەوە ئەوە وەڵامێکی تر وەردەگرینەوە بۆنموونە ئاینی ئیسلام پێمان دەڵێت مرۆڤ بەرزترین و پیرۆزترین جێنشینی خودایە لەسەر زەوی یاخود رێزلێگیراوترین هەبووەکانی ئەم جیهانەیە(لقد خلقنا بنی ادم)یاخود ئێمە مرۆڤمان لەسەر جوانترین شێوە دروست کردووە(لقد خلقنا الانسان فی احسنی تقویم)ئەگەر لە چوارچێوەیەکی عیرفانی بۆ ئەم پرسیارە بروانین هەر عارفێک جۆرە ناساندنێکی بۆ مرۆڤ هەیەوەک لای مەولانای ڕۆمی بوونی هەیە مرۆڤ بونەوەرێکی دەرکەوتەی جوانی خودایە لەسەر زەوی.ئەگەر وەڵامی هەمان پرسیار لە نێوان و فەلسەفەی قوتابخانە فەلسەفیە رۆژئاواییەکان وەربگرنەوە ئەوە وەڵامێکی ترمان دەست دەکەوێت بەوەی مرۆڤ بۆ نموونە ئەگەر لە تێروانینی

قوتابخانەی نیهلیزم وە ڕابەرانی نیهلیزم بۆ هەمان وەڵام بروانین ئەوە مرۆڤ لە هیچێک زیارتر نیە ئەمەناتوانێت بە خۆشی و ئارامی لەو ژیانە بژیت یاخود ئەگەر ئەم پرسیارە بدەینە بەر ڕەخنەی سۆسۆلۆژی ئەوە بە دڵنیاییەوە دەگوتریت مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە تەنیا بژیت و شارستانیەت دروست بکات.بە درێژایی قوتابخانەکان مرۆڤ بونەوەرێکی پرسیار لەسەرە و جێگای قسەو باسی زۆرە.

## بەشی سێیەم

## سێگۆشەی(عیشق و خودا و مرۆڤ)لە شیعرە کوردیەکانی مەحویدا

### ٣-١-مرۆڤناسی لە شعرە کوردییەکانی مەحویدا

وەک لەبەشی تیۆری باسی مردنمان کرد و دابەشمان کرد بەسەر دوو جۆر لە مردن لە مەعریفەی عیرفانیدا لەم بەشەشدا هەمان مەبەست و باسی بەشی تیۆری لە شیعرەکانی مەحوی شاعیردەردێنن و خوێندنەوەی بۆ دەکەن و دابەسی دەکەن بەسەر مردنی خۆویستانە(هەڵبژاردنی خودی) و مردنی جەستەیی،چونکە ئێمە ئەوەمان باس کرد کە مردن لە عیرفاندا مردنی نەفسی بەدکار مردنی جەستەییە،چونکە گەرانەوەیەتی بۆلای مەعشوقوقی حەقیقی بە نمونە لە دیرێکدا فەرموویەتی:

**(مەحوی) بە(متوا)وەکەلەمردنبِبی نەجات**

**رۆیاندنت لە پێشە،لە پێشا وەرە برۆ** **(مەحوی،٢٠١٢،٢٩٧)**

مەحوی لەم دێرەدابەسێوەیەکی زۆر قووڵ بابەتی مردنی خستۆتە بەر باس،مردن لەم دێرەدا بەسەر مردنی نەفسی خراپەکار جێبەجێ کراوە بۆیە مەوی ئاراستەی دەمی لە خودیی خۆیەتی دەیەوێت بەخۆی بڵێت (مەحوی)ئەگەر دەتەوی رزگارت(نەجات)بێت لەم نەفسە بەتکارە ئەوە دەبێت ئەم نەفسەت بخەیتە دۆخی مردنەوە مەبەست لە مردن دوور کەوتنەوەیە لە هەموو کردەوەیەکی نەفسی بەدویستەکانی ئەم جۆرە نەفسە بۆ لەشعرێکی تر شەکوا لەدەست نەفسی دەکات و وازی لێ ناهێنیت.

**دەوای ئەو نەفسە مەلعونەت دەوێ هەر دەرد وەک زیو**

**کە هاتی کوشتن ئەو روحی مەحز ئەم جەوهەرەی زیوە** **(مەحوی،٢٠١٢،٣٣)**

مەحوی شاعیر زۆر ورد ترلەم دێرەدا هەوڵی ناساندنی نەفس ومردنی نەفسی داوە بۆیە پێیوایە تاکو نەفسی بەتکار نەمرینێ ئەوە بەردەوام وەک چۆن (جیوە)بە بچووکترین جوڵەش کاری خۆی دەکات  بۆیە مەحوی بەنەفسی خۆی دەڵێت تاکو لە جوڵە نەخرێت ناتوانرێت کاری چاکە لەخودی خۆت بکەی لە دیری دووەم لە هەمبەر نەفسی بەدکار پێوایە لە دونیایتر دەر هاویشتەی دەبێت.

**لە دنیا تادەگاتە ئاخیرا کاریگارە تیری**

**وەکو تیری تەهەمتەن زامی باک ئەم دیوو ئەو دیوە** **(مەحوی،٢٠١٢،٣٣)**

شاعیر بۆئەوەی لێکچواندنێکی دروست بکات لە نێوان کاریگەری نەفسی بەد کار و خراپەکار وەک پاڵپشتێک بۆ بەیتی کەلەمەو پێش باسمان کرد لێکچواندنێکی دروست کردوە لەنێوان کاریگەری نەفسی و بەدکارو نبی رۆستەمی زاڵ کەلە هەر کەسێکی ببدایە دوو بەدەری دەکرد(واتە لەو دیوی

جەستەی بدایە تیرەکە لەجەستەی تری دەردەچوو)مەحویش بەجۆرێک لە نەفسی ترساوە کە لەهەردوو دونیایکراوە چونکە پێی وایە ئەم نەفسە لەم دونیاو ئەو دونیات بەناشرینیەکانی خۆت دەگیری دەکات بەمەش دەبێتە داو و خۆراکی بەد،بۆیە لر شعرێکی تر مەترسی ئەم جۆرە نەفسانە باس دەکات فەرموویەتی:

**لە بێ کەووتوم و نەفسم بۆ هەوا دەشتێ وەکوو منداڵ**

**لە بەر بیری سەرم خۆی ناگرێت و تازە بێ دەگرم** **(مەحوی،٢٠١٢،٢٦٤)**

بە کورتی لەسەرنەفس و پەیوەندی بە مردن دەوەستێتەوە،لەچەند دێرێکدا ،چونکە راستەوخۆی پەیوەندی بە چەمکی ژیان و مردن هەیە لای مەحوی شاعیر؟بۆیە تێگەشتن لە چەمکی نەفس و دەرکەوتەکانی نەفس لای مەحوی یارمەتی دەرێکی باشە بۆ ئەوەی لە مەرگناسی مەحوی تێبگەین،مەحوی شاعیر لەم دێرە شعرەی سەرەوە باس لە ویستی نەفس دەکات،دەیەوێت ئەوە نیشان بدات کە نەفس سیفەتێکی هەمیشەیی هەیە، بەوەی لەکاتی پیریش وەستانی نیە ،بەڵکو هەر دەیەویت مرۆڤ بکاتە ئامانجی کاربەدەرەکانی خۆی،بۆ مرۆڤ بری داواکردنی گەوهەر و دەستگرتن بە گەوهەرەوە داوای پشقل و شتەکەمەکانی دنیا بکات.

### ٣-٢-خودا ناسی لە شعرە کوردییەکانی مەحویدا

سەرەتا دەبێ لەوە دەست پێ بکەین ئایە بابەتی خودا لەبیرو بۆچونی فیکری مەحوی ئامادەی هەیە،ئەگەر بابەتێک لەو جۆرەیە هەبێت ئەوە رووبەروی چەند پرسیارێک دەبینەوە،ئەمیش ئایا لای مەحوی خودا هەیە،یاخود مەحوی دەیەوێت رەتی ئەوە بداتەوە کە خودا هەیە هەر کامێک لەمانە بێت ئەوا چەندین پرسیار خۆیان ئامادە کردوە بەوەی کە ئەگەر خودا هەیە،ئەوە کام خودایە،سیفەتەکانی ئەم خودایە چین ؟بەکام هەستەکانی مەحوی توانیویەتی دەرکی ئەم خودایە بکات،خوداناسی مەحوی لەکام جۆری خودا خوداناسەکانە،لەم بەشەی وەڵام ئەمانەو هەموو ئەمانەو چەندین پرسیاری تر دەدەینەوە لە جیهانی مەحوی بۆ بابەتی خودا بە نمونەی شعری لە دیوانی شاعیر.

**زاتی خودا کە خاڵقی نەکوانە،هەر بوە**

**یەعنی قەدیمی موتڵەقە(بال ذات)و(بالزمان)** **(مەحوی،٢٠١٢،٣٧٠)**

ئەو دێرەی سەرەوە ئەوە نیشان دەدات کە بابەتی خوداو بونی خودا لەجیهان بینی شعرەکانی مەحوی ئامادەی هەیە،هەر وەختێک ئامادەیشی هەبوو لەچوارچێوەی شاعیرێکی وەک مەحوی کە خۆی بەئەشعەریەت دەناسێنێ رووبەرو چەند پرسیک دەبینەوە لەمانە(خودا هەیە ،یەکتایە،دێرینە،جەوهەرینە،دەرکەوتراو نیە،تایبەتە بەشوێنێک یان لە شوێنێکدا بێت نیە،دەکرێت

ببینرێت و هەمیشە دەمینێتەوە)[ئەمین،٨٥،٢٠٠٧]هەر یەکێک لەم پرسیارانە وەک پرسیارێک ڕووبەڕووی دیوانی مەحوی دەکەینەوە دەتوانین چوارچێوەی بیری مەحوی لەبابەتی خوداناسی بناسین،لەبارەی نەوهەرێتی خودا مەحوی فەرموویەتی:

**ذاتی خودا ێیفاتی نەعەینە نەغیری ذات**

**بێ ئەم ێیفاتە قەت نەبوەووە قەت نیە بەئان** **(مەحوی،٣٧٤،٢٠١٢٩)**

مەحوی لەم دێرە شعرەدا لەبارەی مادەبونی خودا دەدوێت پیوایە خودا نەکەوێتە ناو چوارچێوەی شتە ماددەیەکان بەمەش هەر وەختێک خودا ماددە نەبوو، دەکەوێنە بەربابەتی ئەوەی نابێت فۆرم و دیتنی هەبێت،چونکە هەر شتێک ماددە نەبێت لە بۆشایدا شوێنێک داگیر ناکات هەر وەختێک لە شوێنێک لە بۆشایی نەبو ئەوە ناکرێت بەر هەستی ماددە بینراوەکان بکەوێت،

،مەحوی لەم بارەیەوە فەرموویەتی: **ذاتی خودا نەجەوهەرەنەجیسمە نە کولل و بەعض**

**بێ چوون و بێچگونە مونەززەرە لەنین و نان** **(مەحوی،٣٧٥،٢٠١٢)**

مەحوی لەم دێرە بابەتی ماددە(جسیمە)ی بوونی خودا دەرخاتە بەرباس،بەوەی خودا ئەکەوێتە چوارچێوەی بابەتە ماددیەکانەوە،بەمەش دەبێت خودا بەچی بناسێت ئەگەر نەکەوێتە ناو ماددەوە، نابێت بەم شێوەیە بێت خودا نابێت بەچاو ببینرێت،چونکە مەحوی خۆی دەڵێت ماددە نییە،بۆ ئەمەش مەحوی فەرمویەتی: **ذاتی خودا ێیفاتی نەعەینە نەغەیری ذات**

**بێ ئەم ێیفاتە قەت نەبوەو قەت نیە بە ئان** **(مەحوی،٣٧٥،٢٠١٢)**

مەحوی وەک شاعیرێک باوەری بە بینینی خودا نیە بە بەرچاوی سەر،بەڵکو چاوی سەر توانای بینینی خودا نییە،بەمەش دەڵێ(خودی خودا نەکوێتە بەر دیتنی چاو)هەر لە بارەی خودا باوەری وایە خودا نەمرە و زیندووە هەر هەبوە هەریش دەبێت،بۆیە فەرموویەتی:

**خۆی و هەموو ێیفالی کەمالی بوە و هەیە**

**دەشبێ،ئەزەلیەتی نەزەلیەتی ئەبەدیەت نەدا نیشان** **(مەحوی،٣٧٠،٢٠١٢)**

مەحوی لە بارەی نەوانەی دەیانەوێت کەشفی خودا بکەن لە ریگەی پێدانی سیفەتی مرۆڤی و وەک حەز و ماددە،ئەوە خودا باڵاترە لەمە،چونکە خودا نییە،بەڵکو دەبێت خودا(خاڵق)بێت نەوەک(مەخلوق).

**٣-٣-عیشق لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا**

تایبەتمەندیترین وسەرەکیترین وشە لە دیوانی مەحوی(عیشق)،وشەی عیشق کردنەوەی چوارچێوەی فکریەتی،عیشق بەتەنها لای مەحوی ئەم گرینگیەی نیە بەڵکۆ لەلای تەواوی شاعیرو عارفانی دنیایی،مەحوی یەکیکە لەو شاعیرانە لەباسی عیشق فەرمویەتی:

**نباسی چیبکەم بێ کەرانی بەحری برتەشویری عیشق؟**

**تـاقە قەرتیکی(فتوحات)ە نمیکە(مەسنەوی)** (مەحوی،٢٠١٢،٣١٨)

مەحوی وەک شاعیرێک لە باسی گەورایی و بەرفراوانی بابەتی عیشق لە جیهانبینی عرفان و خودی خۆیدا، پێی وایە ئەوەی کە(ابن و عربی خاوەنی کتێبی فتوحات وەمەولانای رۆمی خاوەنی کتێبی مەسنەوی مەعنەوی ،وەک قەترەیەک و نمەک وان لە ئاست بابەتی عیشق ،هێنانەوە،ئەم دوو ناوە وەک دوو گەورە دامەزرێنەری عیرفانی ئیسلامیە،ابن عەرەبی رابەری قوتابخانەی عیرفانی مەعریفی ومەولانای رۆمی وەک رابەری عیرفانی عیشقی،گەر ئەم دوو ناوە لە ئاستی بابەتی عیشق هێندە کەم بن ئەوا مەحوی زۆر کەمی بریوە لە باسکردنی بابەتی عیشق ،تەنانەت مەحوی لە بەرامبەر باسی عیشق بۆ خەڵکی دونیا بە شتێکی کەم دەزانی،چونکە لای ئەو وەک ئەوە وایە بۆ کەسی مردو باس بکەی،بۆیە لە دێرێکدا فەرموویەتی:

**لەبۆ نەربابی دنیا قەت بە سنگ و بەتانی عشق**

**کە مەحوی شەرحی نوکتەی جانفزا بۆ مردوەجایخ** (مەحوی،٢٠١٢،٢٠٦)

مەحوی روی دەمی خۆی لەوانە دەکات کە رازی و نهێنیەکانی عیشق بۆ خەلکی ئەم دونیا ئاشکرا دەکات.بەڵکو وەک باسکردنی بابەتی عیشق وایە بۆ مردوەکە هیچ سودێکی لێنابینێ. ئەمەدەکرێت دوو خێندنەوەی بۆ بکرێت،یەکێک بەوەی خەڵکی سەردەمی مەحوی لە گەوهەری عیشق ناگەن دووەمش خەڵکی سەردەمی ژیانی مەحوی هەر خەریکی دونیاو خۆ پەیوەست کردن بەدونیا پەرستی.لەبارەی ماهیەت و جەوهەری عیشق مەحوی فەرموویەتی:

**عیشق ئاگرێکە بەربوە گەر کەس دەبێ بە کەس بەکەس**

**گەر رۆژەی رەش وەکوو شەوە بێ بوو بە شەو جراخ** (مەحوی،٢٠١٢،٢١٢)

مەحوی لەم بەیتە شعرەدا نهێنیەکی قوڵی لەبارەی دەرهاوێشتنەکانیان عیشقەوە باس کردوە بەوەی هەر کەسێک عاشق بوو.ئەوە چاوەروانی ئەوەی لێ دەکرێت ببێتە مەرحڤێکی ترگۆرانی مرۆڤ لە مەرحەڤێکی نارێک و نامەعریفەیەوە بۆ مرۆڤێکی مەعریفی و پر لە عیشق کاری عیشقە ئاگە لە فەرهەنگی عیرفان بۆ زۆر مەبەست بەزار هاتووە،ئاگر بۆ ئازار دان پاکردنەوە لە هەموو ناشرینیەکان وتاریکیەکان،لەکۆندا ئاگر بۆلادان و خاوێنکردنەوەی ئەو تەمەی دەنیشتە سەر ئاوێنەی مالان بەکار دەهات،مەحویش دەیەوێت لە رێگەی ئەم ئاگرەوە کە لەعیشق دەردەچێت

بڵێت ئەوەی عەشق بوو هەرچەندە ئوێنەی مرۆڤبوونی تاریک و تەڵخ بێت ئەوە عیشق بە ئاگری خۆی ڕووناکی دەکاتەوە،مەحوی لە دێرێکی ترو ورد تر باسی ئەم جۆرە ئاگرە دەکات کە دەبێتە هۆی پاکردنەوەی لە تاریکی و ناشرینیەکان.

**گەر ئاگری مەحەببەتی شک بەم لە دۆزەخا**

**ئەو دۆزەخە بەهەشتمە جەننەت دەکەم حەرام** **(مەحوی،٢٠١٢،٢٥٥)**

مەحوی وەک عارفێک بۆ پاکبونەوە لە ناشرینیەکانی و تاریکیەکانی خودی خۆی،وەک فریاد رەسێک پەنای بردۆتە بەر ئاگری دۆزەیش،بەڵام بە مەرجێک ئاگری محەبەتی بێت و پاکی بکاتەوە و بیکات بە مرۆڤێکی جوان و عاشق بە مەعشوقی،عەسق مرۆڤ بە شێوەیەک ئاراستە دەکات ئەگەر ریگایەکی قورسیش بێت ئەوا بۆ ئەوەیە خۆی لە سیفەتە نامرۆڤەکان داماڵێ شاعیر بەهەموو شێوەیەک کۆشش و هەوڵی خۆی دەدا،چونکە ڕێگەی پاکبونەوەو بوون بە کەسێکی عاشق ئاسان نییە، بەڵکو پریەتی لە ناخۆشی و ئازار و ماندووبوونی ناوەکی و جەستەیی،مەحوی لەبارەی سەختی رووگە گۆرینی لە تاریکیەوە بۆ عشق و جوانی فەرموویەتی:

**دەرسی عشقم هەر لە کن پەروانە یا بولبول بووە**

**بیگەمی،یا نەیگەمێ هەر مەشقی نوستادێ دەکەم** **(مەحوی،٢٠١٢،٢٧٧)**

## ئەنجام

١_عشق لای مەحوی پێش مەرجی بوونە هەر مرۆڤێک یاخود هەر دیدارێک ئەگەر خۆی بە مرۆڤێک یاخود خۆی بە دیدارێکی زۆر نزیک لە خودا هەژمار بکات ئەگەر عیشقی لە ژیاندا نەبێت ئەوە مرۆڤ بوونێکی کاڵ دیدارێکی کاڵە.

٢_ژیان وەک شوێنی تیدا ژیانی مرۆڤ لای مەحوی پوچ نیە بەڵکو پوچی دونیا لای مەحوی وەک شتێکی کەم لەبەرانبەر دونیای تر هاتووە.

٣_مردن لای مەحوی کوتای بوون نیە بەڵکو سەرەتایەکی ترە بۆ ژیانێکی هەمیشەی و گەرانەوەی بۆ لای مەعشوق شادبوونی بە دیداری ئەو مەعشوقە کە گەورەترین ئاواتیەتی.

٤_لای مەحوی دوو جۆر مردن هەیە مردنێک کە خۆویستانەیە بە مانایەکی تر هەڵبژاردنی خۆیەتی کە مەرگی نەفسی_بەدکار لە شیعرەکانی هاتووە مەرگی دووەم لە ناوچوونی جەستەیی مردنی جەستە دادەنرێت هەر مردوێک ئەگەر بە مەرگی نەفسی_تاقی نەکردبێتەوە ئەوە مەرگی جەستەیی مەرگێک نارێک و خراپە.

٥-خودا لای مەحوی بونی هەیە ناکەوێتە بەر شوێن ماددە بەچاوی سەر نابینرێت هەر هەبوە هەریش دەمینێ.

# سەرچاوەکان


-قورعانی پیرۆز(ل.٦.٤)

-زمانی کوردی

**١-کتێبی کوردی**

١.ئەمین توانا،(٢٠١٢)،خودا لەسەروی مرۆڤدا،چاپی یەکەم،سلیمان:چاپخانەی یاد

٢.شەریعەتی،عەلی،(٢٠١٠)،هونەر،چاپی یەکەم،سلیمانی:جاپخانەی ڕەنج.

٣.عبدالخالق،مسعود،(٢٠١٢)،رەوتی فەلسەفە لەسەدەی (٢١)دا،چاپی یەکەم،هەولیر؛چاپخانەی تەفسیر.

٤.مدریس،عبدالکریم،(٢٠١٢).دیوانی مەحوی،چاپخانەی پێنجەم،تاران:کوردستان.

٥.دیوانی مەولەوی،(١٣٨٦)،هەتاقی،کۆکردنەوەی:عبدالکریم موودەڕیسی،چاپی پێنجەم،سنە چاپخانەی کوردستان.

٦.شکار،صبورعبدالکریم،(٢٠٠٩)،دەنگدانەوەی کەسیەتی دونیابینین(سللاج) لە شعری کلاسیکی کوردی و فارسی دا بەتایبەتی مەحوی و حافزی شیراز،چاپی یەکەم،سلیمانی:چاپخانەی تاران

٧.عوسمان شاهۆ،(٢٠١٤)بنەماکانی فەلسەفە،چاپی یەکەم،سلیمانی:چاپخانەی ناوەندی رۆشنگەری.

٨.سوبحانی،ناسری،(١٩٩٧)مرۆڤ و رێبازی ژیان،وەرگێرانی،عبدالله علی،چاپی یەکەم،مۆسکۆ.

٩.تەسەوف چییە،(١٩٨٥)ئەمینی شێخ عەلائەددینی نەقشبەندی،دارالحریە للگباعە و النشر،کۆلێژی ئاداب.

**٢-نامەی ئەکادیمی؛**

١٠..ئەمین سیروان،(٢٠٠٧)ئەشعەریەت لە شعرەکوردیەکانی مەحویدا،ماستەر نامەی زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی پەروەردە.

١١.ئەمین سیروان،(٢٠١١)مەعریفەو حەقیقەت لە نێوان فەلسەفەو عیرفان لە شیعرەکانی مەحویدا،دکتۆرنامە،زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی پەروەردە.

**٣.فارسی** ١٢.شمیل، انماری،(٢٠١٣)زن در عرفان و تیوف اسلامی،نشر رامین،چاپی دووەم،تهران.

# ملخص

في الدراسة قراءة تحليلية للقصائد الكردية للشاعر محوي الأكراد إدخال كل مفهوم من مفاهيم حب الذات والإنسان فى أكدت نظرة ماهوى للعالم هذا البحث فى جزأين فى محاولة لتحليل كل منهما.أعطى واحدة من المطارق من وجهة نظر فلسفة عرفان حول كل من م لقد تصورنا أن الفلسفة تحت تأثيرإحدى الحركات ينتمى الفلاسفة أو المهوى إلى عرفان وورلد فى الجزء الثانى من البحث تم تحليل بعض القصائد الشعرية كمحاولة لإثبات ماهوى هو نظرة فلسفية للعالم أو عرفان.

# Summary

In the study,an analysis reading of the Kurdish poems of the poet mwhwi kurds are trying to introduce each of the concrpts of self and human love in mahwe’s world view has confirmed this research in two parts trying to analyze each he gave one of the hammers from Irfan philosophy’s point of view about each of  them we have conceptualized thet philosophy is under the influence of one of the movemnets philosophers or mahwi belong to the irfanwprld in the second part of the research analysis of some poetic poems has been done as an attempt to prove mahwi is a philosophical worldview or Irfan.